ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**کاڵانەرم بۆ وەگەڕخەری کۆمپیوتەر.**

نووسەر: @:

دۆزینەوەی کاڵانەرم بۆ وەگەڕخەری کۆمپیوتەر.
کاڵانەرم = Software
وەگەڕخەر = Driver
پێم وایە ئەم بابەتەم کێشەیە چارەسەر دەکات کە زۆر لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر گەر هەموو جارێک نەبێت بەڵکو بەزۆری پاش فۆرماتکردنی کۆمپیوتەر تووشی دەبن، ئەویش کێشەی ئەو وەگەڕخەرانەیە کە ویندۆز نایانناسێتەوە و پێویست بە داگرتنی کاڵانەرمی تایبەت بە خۆیان دەکات بۆ ئەوەی بە دروستی کار بکەن.
بۆ دۆزینەوەی کاڵانەرم بۆ ئەو وەگەڕخەرا نە هەندێک جار پێویست دەکات رووبکەینە ماڵپەری کۆمپانیای دروستکەری و بۆ هەموو کەسێک شتێکی ئاسان نابێت کە ئەوەی دەیەوێ بیدۆزێتەوە، بەڵام من لەم وانەیەدا پرۆگرامێکی زۆر بچووک و زۆر بەسوود شیدەکەمەوە کە دەتوانێ بەچەند کرتەیەکی کورت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.
ناوی پرۆگرام: Unknown Device Identifier.
قەبارە: 823 کیلۆبایت.
نرخ: خۆڕایی.
ئێرە کرتە بکە بۆ داگرتنی پرۆگرامی Unknown Device Identifier.
پێش ئەوەی کە پێویستت هەبێ بە پرۆگرامەکە، دەبێ بزانی کە ویندۆزەکەت کام وەگەڕخەرانەی نەناسیوەتەوە و هێمایەکی پرسیاری زەرد ڕەنگی لە تەنیشتەوەیە. بۆ زانینی ئەو مەبەستەش ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە.
بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتەیەک بکە سەر My Computer و پاشان Properties کرتە بکە.




پەنجەرەی تایبەتمەندیەکانی سیستەم دەکرێتەوە، لەسەرەوە کرتە بکە سەر Hardware پاشان Device Manager.




پەنجەرەی Device Manager دەكرێتەوە.




وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە ئەو وەگەڕخەرانە دەبینی کە پێویستیان بە ناساندنەوەیە بە ویندۆز، بە هێمایەکی پرسیار دیاریکراوە.
پاش ناسینی ئەو وەگەڕخەرا نەی کە پێویستیان بە داگرتنی کاڵانەرمە، دەتوانی پرۆگرامی Unknown Device Identifier یان udi بکەیتەوە.
پاش کردنەوەی بەم شیوەیە دەبێت.




بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتە بکە سەر وەگەرخەرەکەو پاشان Find Driver کرتە بکە.




پرۆگرامەکە دەتبا بۆ سەر پەڕەیەگی ئینتەرنێت و لە گۆگڵ دا دەگەڕی بە دوای کاڵانەرمی وەگەڕخەر.




پاشان لە نێو ئەو ماڵپەڕانەی کە دۆزراونەتەوە بگەڕێ بە دوای کاڵانەرمی پێویست و ویستراو بۆ وەگەڕخەری کۆمپیوتەرەکەت. دڵنیام کە یارمەتیدەرێکی زۆر چاک دەبێت چوونکە گەڕۆکی بەناوبانگ، گۆگڵ بەکار دەبات و ئەنجامی گەڕا نەکانی بەدوای کاڵانەرمدا زۆر زۆر دەبێ.

هیوادارم بەسوود بووبێت.

---

Oct 2005 13

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

**30 minute Face Lift**
Surgery Free, Cost Effective Remedy for Aging Skin

Ads by Google